www.kurdistannet.org
28-10-2006 9:36 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هاوکێشەی نێوان خۆفرۆشی و دلسۆزی گەل و نیشتیمان هەرگیز یەکسان نابێ ... پێشمەرگەیەکی دێرینی کەسوکارئەنفالکراو




هەر مرۆڤێک ساتێک لە ژیانی رێبەری خیانەت بوبێت، هەرگیز چاوەروانی ئەوەی لێ ناکرێت کە رۆژێک لە رۆژان سودمەندی گەلو نیشتیمانی بێت.
ئەوەی یەک جار بەرگی خیانەت و خۆفرۆشی لە بەر کرد، دڵنیا بن لەوەی کە دوا خۆفروشی نابێت و هەر ساتێک بێت دەگەرێتەوە سەر هەمان رێگای داوێن پیسی خۆی، بگرە خۆفرۆشیەکەی پلە بە پلە زیاد دەکات.
خۆفرۆشی رەوشتێکە، یان نەخۆشیەکە کە لە دەروونی مرۆڤێکی دۆڕاو بە دی دەکرێت.
بە پێی مێژوو، زانست، لە نەخۆشی شێرپەنجە زۆر کوشندە ترە، چونکە تەنها تاکە کەسێک زەرەرمەند نابێت لەو خۆفرۆشیەدا، بەلکو کۆمەڵگای پێ وێل دەبێت و لە خەونەکانی دوری دەخاتەوە، لە هەمان کاتدا ئەم شێوە مرۆڤە هەر رۆژ لە بەرگێک دایە، بەلام وەفا وئیخلاسی هەر بۆ ئەو رژێمە کۆنەیە کە پێشتر خۆی پێ فرۆشتووە.
خۆفرۆشەکان بە دوو شێوە لە گۆرەپانی کوردستاندا کاری بەعسیەتیان دەکرد بۆ رژێمی بەعسی عەرەبی کە خۆی لە کۆنەکان و تازەکان دەگرێتەوە، لێرەدا تەنها باسی کۆنەکان دەکەین.
خۆفرۆشە بەعسیە کۆنەکان واتا /متگوع/ ئەوانەی کە لە سەر رەزامەندی خۆیان وبە بێ هیچ زۆرە ملێیەک، بوون بە بێچووی رژێمی پێشوو. کە عەرەبی بەعس ناوی لێ نابون جیش الشعبی یان رەفیق حزبی، ئەم کوردە بەعسیە خۆفرۆشانەیش لەپیناوی پارە و پلەدا، خۆیان دەفرۆشت، بەرامبەر بە کاری پاسەوانی مەقەری حزبی بەعس و مونەزەمەکانی، هەروەها ناو بە دەستەوە دانی کەس و کاری پێشمەرگەکان و ئەوانەی کاری سیاسیی ناوخۆییان دەکرد دژ بە رژێمی بەعس لە ناو شاردا. عەرەبی بەعس لەو کاتەدا زۆر گێل و نەفام بوون، بە ئاسانی بە پلانەکانی کورد نەدەگەیشت، بەلام ئەم کوردە بەعسیانە بونە رێ خۆشکەر، بۆ پێ ناسینی ژیانی کوردەواری و هەروەها ئاشکراکردنی کارە نهێنیەکانی پێشمەرگە کە لە شار و گوندەکانی کوردستان ئەنجامیان دەدا.
. راپەرینی سالی 1991 چەند بە سودو بە بەرهەمدار دەژمێردرێت، بە دەستکەوتێکی گەورە لە قەلەم دەدرێت لە مێژووی کورد لە هەمان کاتدا بوو بە سەرەتایەکی دلتەزێن بۆپێشمەرگە دێرینەکان و دایکی شەهیدان و ئەنفال و، راپەرین. جارێکی تر بووە هەڵەیەکی مێژووی لە فەرهەنگی کورددیا، لە بەر پاک نەکردنەوەی ئەو خۆفروشانەی کە رەفیق حزبی و، جاش و، موستەشار بون. رێگە پێدانیان کە تێکەڵی کاری سیاسی وفەرهەنگی بن، کە پێشتر خەڵکی بەوەفا بناغەی بۆ دانابوو. بۆیە بوە بە کێشەیەکی گەورە لە ناو کوردا، هەروەها دوو دڵی لای میللەت دروست کردووە لە دڵسوزی سەرکردەکانی.
. سوید یەکێکە لەو ولاتانەی کە خەلکانێکی زۆری لە نمونەی ئەم کۆنە بەعسیە کوردانە، رووی تێ کردووە، کە بە، رۆژانە کومەلێک هەوال و نهێنی بە رێگای ئەم کۆنە بەعسیانە خۆیانەوە بلاو دەکرێتەوە کە ئێستا کارگێرو نوێنەرانی پارت و لایەنە سیاسیەکانی کوردین، کە چۆن باس لە بگولات و

نوگ الشجاعه ی کاتی بەعسیەتی دەکەن و چۆن ئێستاش بەرپرسێتی کوردی گێل دەکەن، هەروەها وەکو مرە بەرهەمی خەلکی بە وەفا دەخۆن، بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە پیاو قێز لە سیاسەت دەکاتەوە، پەشیمان بێت لەو هەموو ساڵەی کە بە کولە مەرگی بە شاخەوە بووە.

. لە پاش بلاو بونەوەی نوسەراوێک لە{ ک. پ }دا لە 08/24 – 2006 لە سەر بنەمالەی رەفیق حزبێک کە 16 سال بەعسی و بەرپرسی مەرکەز شەبابی سلێمانی بونەو، کە ئەمرۆش بەرپرسی رێکخستنەکانی لیژنەی ناوچەی سویدو ئەندامی کارگێری فیدراسونی کوردو کوردستانین لە سویدا، بوە هۆی ئاشکرابوونی ئەوانە کە رابوردویان وەک ئەوان وایە.

بە پێی هەڤالانی دەڤەری بادینان کە بەرپرسی ناوچەی سویدیش هەر لە پاش 1975 وە جیش الشعبی بووە لە دهۆکدا تا هاتنی بۆ سوید، هەر رۆژ ناوێک لە خۆی دەنێت، بێ ناو، ناودار، مسافر، موهاجر.
ئەمەیش ئەمرۆ بوە بە کێشەو گرفتی ناو لیژنەی ناوچە، کە تاکو ئێستا بە پێی هەوالی ناوخۆی پارتی لە ستۆکهۆڵمدا، پێنج کارگێر بە ئاشکرا، بەرگی بەعسیەتیان لە بەر کردوە هەر ئەم پێنجەش رۆلی بەرپرسێتیان هەیە و هەر ئەمانیش خاوەنی هەموو بریارێکن.

ئەمانە جگە لەوەی کە خۆفرۆش بونەو، سووکایەتیش بە ئەندامانی خۆیانەوە دەکەن هەر وەکو لە.

. { 15 \ 03 – 2006 کات ژمێر 23. 34 ژمارە 32 دا لە ژێر ناو نیشانی یادی بارزانی نەمیریش سەنسۆری دە خرێتە سەر! } کە چەند ئەندامێکی کارگێری لیژنەی ناوچەی پارتی لە سنوری ستۆکهۆلم نوسیویانە، بەلام ناویان لێ ناوە کۆمیتەی ئامادەکردنی فیستیفالی یادی 103 لە دایکبوونی بارزانی نەمیر لە سوید.

لە نوسینەوە کەدا دەردەکەوێت کە کارگێرانی پارتی چۆن سوکایەتی دەکەن بە خۆیان و بە نوێنەری هەرێمی کوردستان و، بە پەیامنێری کوردستان تیڤیوە.

. هەروەها چۆن لەکۆبونەوەیەکی مانگی چواری 2006، کە دوو بەرپرسی ناوچە کە { بەرپەرسی رێکخراوی ستۆکهۆلم و بەرپرسی بەشی دارای } لە مالاندا باس لەو ئەندامانە دەکەن کە لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە، هاتوونەتە ناو پارتیەوەو رێیان پێ نادرێت لە پلەی ئەندامێتی زیاتر گەشەبکەن، و کارو پلەی تریان پی نەسپێردرێت. هەر وەکو ئەوانەی تریش، وەك حزبی شوعیو، پاسۆکو، سۆسیالیست، کە بونە بە ئەندامی پارتی، دەبێت چاو لە سەریان بێت، لە ناو رێکخراودا.

لێبوردن و بێدەنگی کورد بەرامبەر ئەم نارەوایانە، زیانێکی زۆری بە کێشەی کورد هێناوە، متمانە کردن بە مرۆڤی خۆفرۆش، خۆی لە خۆیدا تاوانە، بەشداری کردنیشە لە و خۆفرۆشیە. بۆ ئەوەی گومان لای ئەو دلسۆزانە دروست نەبێت کە هە ولی جدیان داوە بۆ پێشخستنی خەباتی میللەتی کورد و بۆ بەدیهێنانی خەونە کوردیەکان، بن بڕکردنی ڕەگە کرماویەکان کارێکی حەتمیە، ئەبێت کورد زیاتر هەوڵ بدات، بە پاکردنەوەی کۆمەلگا خۆی لە



خۆفرۆشەکان، چونکە تێ روانینی نەوەی نوێ بۆ دوارۆژی خەباتی سیاسی کوردی لە مەترسیدایە، لە کاتێکدا کە رێژەی خیانەت زۆرترە لە رێژەی دڵسۆزی، بۆیە هاوکێشەی نێوان خۆفرۆشی و دلسۆزی گەل و نیشتیمان هەرگیز یەکسان نابێ.



**هەر مرۆڤێک ساتێک لە ژیانی رێبەری خیانەت بوبێت**
**هەرگیز چاوەروانی ئەوەی لێ ناکرێت**
**کە رۆژێک لە رۆژان سودمەندی گەڵو نیشتیمانی بێت.**

پێشمەرگەیەکی دێرینی کەسوکارئەنفالکراو